# یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن

## لە نێوان

## زانکۆی جیهان – سلێمانی و قایمقامیەتی قەزای مەڵبەندی سلێمانی

## ٢٠٢١ – ٢٠٢٢

## پێشەکی:

زانکۆی جیهان سلێمانی و قایمقامیەتی قەزای مەڵبەندی سلێمانی ئامادەن هاوکاری یەکدی بکەن لەپێناوی گەشەپێدانی بوارەکانی یاساو ئەندازیاری تەلارسازی وە IT بۆ خزمەتکردنی خوێندکاران و کۆمەڵگە و شاری سلێمانی، بۆیە ئەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە وازۆ دەکرێت.

یەکەم: مەبەست لەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە بریتییە لە، بەهێزکردن و فراوانکردنی ئاستی هۆشیاری و گەشەپێدان، لەهەمان کاتدا بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران و ستافی هاوبەشی هەردوولا؛ لەڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی و پرۆژەی زانستی هاوبەش. ئەم لێکتێگەیشتنە چەند لایەنێکی گشتی و تایبەتی ڕێکەوتنەکە دیاری دەکات وە دەکرێت بەڕەزامەندی هەردوولا چاوپێداخشاندنەوەی بۆ بکرێت، ئەویش بەدیاری کردنی ناوەرۆك و چالاکی دیکە لەنێوان زانکۆی جیهان سلێمانی و قایمقامیەتی قەزای مەڵبەندی سلێمانی.

دووەم: بەپێی ئەم یاداشتە چالاکییە گشتییە جۆراو جۆرەکان ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١. پرۆگرامی ڕاهێنان، پرۆژەی کورتخایەن، پرۆگرامی فێربوون.
٢. ئاڵوگۆڕی ڕاوێژکاری هاوبەش لەسەر ئەو بابەتانەی لەسەری ڕێکدەکەون.
٣. بەشداریکردنی ستافی هەردوولا لەچالاکییە زانستییەکانی یەکدی.
٤. هاوکاری یەکدی لەرووی تەکنیکی و مرۆڤییەوە.

زانکۆی جیهان سلێمانی
ناو: ئومێد رفیق فتاح
پیشە: سەرۆکی زانکۆی جیهان سلێمانی

واژۆ:

بەروار:

قایمقامییەتی مەڵبەندی قەزای سلێمانی
ناو: ئاوات محمد غفور
پیشە: قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی

واژۆ:

بەروار: ٢٠٢٢ ١٣ ١١